# مامەڵە بازرگانییەکانی

# کۆمپانیاکانی کیونێت

لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان

بابەت/ حوکمی مامەڵە بازرگانیەکانی کۆمپیانیای کیونیت (Q net) لە هەرێمی کوردستان

ژمارەی فەتوا/ ١٢ / ٢٠١٧ ...

بەروار/ ٢٩ ی زی الحجه ١٤٣٨ ك – ٢٠ی ئەیلول ٢٠١٧ ز .

جۆر: فیقهی سەردەم .

فەتوادەر: لیژنەی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی بالای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

**((حوکمی مامەڵە بازرگانیەکانی کۆمپیانیای کیونیت Q net) لە هەرێمی کوردستان ))**

قَالَ تَعَالَى: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ....فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل: ٤٣.

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين وعلى آله وأصحابه ومن اتّبعهم بإحسان إلى يوم الدّين ...

پاش لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل کە زیاتر لە چوار مانگی خایاند و پاش بانگهێشت کردنی بەرپرسی گشتی کۆمپانیای کیونیت لە کوردستان، هەروەها سەردانی شاندێکی لیژنەکەمان بۆ نوسینگەی سەرەکی کۆمپانیا لە شاری سلێمانی لە بەرواری٢٦/٨/٢٠١٧ بە مەبەستی ئاشنابوون و دڵنیایی لە بوونی خودی کۆمپانیاو چاوپێکەتن لە گەل بەرپرس و ئیداری و مامەڵەکارانیدا و ئاراستەکردنی دەیان پرسیارو لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆ لە گەڵیان و ئاشنابوون لە چۆنیەتی مامەڵە و کاڵاکانیان و بەراوردکاریان بە هەردوو روونکردنەوەیان کە لە ١٥/٧/٢٠١٧ و ٩/٩/ ٢٠١٧ بە فەرمی ئاراستەی لیژنەی بالایان کرد بوو، هەروەها پاش راوێژکردنی پێویست بە زانایانی پسپۆڕ لە بواری فیقهی معامەلاتدا ئیقتصادی ئیسلامی و ئاشنابوون لە راو بۆچوونی کۆمەڵێکی زۆر لە فەتوای کەسایەتی وناوەندی فەتواکان لە جیهانی ئیسلامی سەبارەت بە کارە بازرگانەکانی بازاڕگەی ئیلکترۆنی(التسويق الالكتروني) بەگشتی و کۆمپانیای ناوبراو بە تایبەت، لیژنەکەمان پاش کفتوگۆی پێویست و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی شەرعی لەسەر ئەو بابەتە و رەچاوخستنی یاسا فیقهی و مەبەستە شەرعییەکان، وە لە سەر کۆی ئەو روونکردنەوانەو بە پێی ئەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوانەی کە کردومانە، لیژنەی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠/٩/ ٢٠١٧ لە دانیشتنی ئاساییی خۆیدا گەیشتە ئەم فەتوا شیتەڵکاریەی خوارەوە:

خاڵی یەکەم: بە شێوەیەکی گشتی گرنگە هەر موعامەلەیەك کە ئەنجام دەدرێت پێویستە دوور بێت لەو شێوازە مامەڵانەی کە شەریعەتی ئیسلام بە دەقەکانی قورئان و سوننەت حەرامی کردوون، وەك (الغرر، النجش، بيعتان في بيعه.. هتد) هەروەها نابێت نادیاری و جەهالەت هەبێت لە فرۆشراوەکە وە نابێت هیچ جۆرە قومار و ریبایەکی تیادا بێت. وەك خوای گەورە

دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا }[(١)].

دووەم: بازرگانیی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان بابەتێکی نوێیەو پێویستیی بە فیقهی هاوچەرخ هەیە، وە پێویستی بە فەتوایەکی شەرعی تازە هەیە بەڕەچاوکردنی بنەما فیقهی یەکانی شەریعەتی ئیسلام کە مەبەستە شەرعییەکان (المقاصد الشرعية) تیایدا ڕەچاو بکرێت. کە بێگومان شەریعەتی ئیسلام هاتووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستانە کە بریتین لە (پارێزگاری لە ئاین و نەفس و عەقڵ و شەرەف و وەچەو ماڵ )[(٢)].

سێیەم: کارکردن بە زاهیر لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەصڵێکی ترە و بووەتە قاعیدەیەکیش کە لای زانایان کاری پێدەکرێت،وەك پێشەوا( كمال الدين ابن الهمام)دەفەرموێت:"العمل بالظاهر هو الأصل في المعاملات كي لا يضيق الأمر على الناس"[(٣)].

چوارەم: ئاشکرایە کە (الأصل في المعاملات الحل أو الإباحة)یە،واتە: مامەڵە وکاری بازرگانی بنەما و ئەصڵ تێیدا دروستییە، بەڵام ئەگەر دەقێکی ڕاستەوخۆی هەبوو لە قورئان یان سوننەت یان ئیجماع ئەوا مامەڵەکە قەدەغەدەبێت، هەروەها هەر شتێکیش زانایان ڕای جیاوازیان هەبوو لەسەری ئایا دروستە یان نا ؟، ئەوا ئەصڵ تیایدا دروستییە، مادام دەقێکی ڕاستەوخۆ حەرامی نەکردبێت وەك قورئان دەفەرموێت:{قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ}[(٤)]، هەروەها دەفەرموێت:{قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَامًا وَحَلالا قُلْ آللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ}[(٥)].

پێنجەم: هەروەها ئەصڵ لە مامەڵەکاندا عەدالەت و ڕاستییە لە هەردوو لایەنەوە، وەك لە قاعیدە فیقهییەکاندا هاتووە. (الأصل في المعاملات العدل، وهذا يقتضي الصدق من الجانبين)[(٦)].

شەشەم: دیسان ئەصڵ لە مامەڵەکاندا ڕازیبوونی هەردوو لایە لە گرێبەستەکەدا، وەك هاتووە:(الأصل في المعاملات والعقود التراضي)[(٧)]، بە پێی ئایەتی پیرۆزی: {إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ}[(٨)].

حەوتەم: بۆیە پێمان وایە بە پشت بەستن بە ئەو ئەصڵە شەرعییانە مامەڵە ئەلکترۆنیەکان ئەصڵ تییایاندا دروستییە و ڕێگەیان پێدراوە بە مەرج و داڕشتانەی کە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

هەشتەم: مامەڵە بازرگانیەکان کە لە ڕێگەی سایت و مەوقیعە ئەلکترۆنیەکانەوە بازاڕگەی تایبەتیان هەیەو بە گشتی باوەڕ پێکراون لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە کە قەدەغەیان بکات لە وانەیش کارە بازرگانیەکانی (کیونیت)، لە ڕوانگەی شەریعەتیشەوە پێمان وایە هیچ بەربەستێك نییە قەدەغەی بکات، بە مەرجی بوونی

---

١-سورة النساء: ٢٩.

٢- بنوارە: الإحكام في أصول الأحكام لأبي الحسن الآمدي،بتحقيق: د. سيدالجميلي:(٣/٣٠٠). .

٣- فتح القدير للكمال ابن الهمام (٩/ ٣٠٩).

٤-سورة الأعراف: ٣٢.

٥ -سورة يونس: ٥٩.

٦ - بنوارە:القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة للزحيلي:(٢/ ٨٢٣).

٧- بنوارە: موسوعة القواعد الفقهية للغزي: (٤/ ٤١٣).

٨-سورة النساء: ٢٩.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
اللجنة العليا للافتاء



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
www.zanayan.org
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان

متمانەو راستگۆیی لە شێواز و کوالیت و سیفەتەکاندا ـ کە هەردوو لایەنی کڕیار و فرۆشیار لە سەری ڕێدەکەون ـ ئەگەر کالاّ داواکراوەکان بەو شێوازە نەبوون ئەوا بۆ کڕیار هەیە پەشیمانبونەوەو پێویستە لە سەر فرۆشیاریش(کۆمپانیا) پارەکەی بداتەوە، ئەم جۆرە کڕین و فرۆشتنە دەکەوێتە چوارچێوەی، یاسا شەرعییەکانی(فرۆشتنی نادیار- بيع الغائب)ە،کە بە پێی وتەی ( ديار و ظاهر )ی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دروستە. بەمەرجێك وەك گوتمان کڕیار بۆی هەبێت پەشیمانببێتەوە[١] .

بەڵام بازرگانی ئەلەکترۆنی لە (فرۆشتنی نادیار)یش بە هێزترو باشترە کە فەتوای لە سەر دراوە بە مەرجی پەشیمانبوونەوە لە کاتی بینیندا چونکە لە سایت و ئینتەرنێتەوە یاخود لە وێنەو کەتەلۆکەوە شێواز و سیفەتەکانی فرۆشراوەکان روونکراوەتەوە بە باشی دوور لە هەموو نادیارییەك.

نۆیەم: ئەگەر وێنەی کالاّکان لە پێشانگای لقی کۆمپانیاکەدا نمایشکرابێت ئەوە باشترە لە رووی شەرعەوە و متمانەی زیاتریش دەدات بە کڕیار، ئەگەر کۆمپانیا هەمان کالاّی نمایشکراوی فرۆشت ئەوا بە ئیجماعی زانایان دروستەو لە بەشی فرۆشتنی بینراوە(بيع المشاهدة).وە ئەگەر نمونەی کالاّکانی نمایشکردبێت پاشان بەو سیفەت و کوالیتیانە کالاّکان بهێنێت بۆ کڕیارەکان ئەوا دیسان دروستە لای زۆربەی زانایان وە لە بابی (ما يجوز بيعه على الصفة) یە، واتە ئەو شت و مەك و کالاّیانەی کە دروستە فرۆشتنی بە تەنها باسکردنی سیفەتەکانی بەڵام زۆربەی زانایان سێ مەرجیان تیادا گیراوە:

١- کالاّکە لەو کانەدا زۆر نزیك نەبێت نزیکییەکی وەها کە بە بێ ماندوبوون بتوانرێت ببینرێت، چونکە ئەو کات مانایەك نامێنێتەوە بۆ فەتوای فرۆشتن بە سیفەت.

٢- زۆر دووریش نەبێت کە تا دەگاتە بەرەوە خراپ یان تێك بچێت.

٣- وەسفکراو ناسراو بێت بە ئەندازەو ناساندنی پێویست، واتە: ئەو ئەندازەیەی کە کاریگەری هەیە لە سەر شێواز و جۆر ونرخەکان، ئەمە لای زانایان بە تێکڕا، تەنانەت لای پێشەوا ئەبو حەنیفە(رحمه الله) تەنها باسی جینس کالاّکە کیفایەتە بۆ دامەزراوی گرێبەستەکە، بەڵام پەشیمان بوونەوە بۆ کڕیار هەیە، وەك پێشەوا (ابو العباس القرافي المالكي) بە درێژی و بە بەڵگەی پێویست روونی کردووەتەوە وەك دەفەرموێت: " فقاعدة ما لا يجوز بيعه على الصفة ما أجتمع فيه ثلاثة شروط : أنْ لا يكون قريباً جداً تُمكن رؤيته من غير مشقةٍ فإنه عدول عن اليقين إلى توقع الغرر وأنْ لا يكون بعيداً جداً لتوقع تغيره قبل التسليم أو يتعذر تسليمه، و أن يصفه بصفاته التي تتعلق الأغراض بها وهي شروط التسليم ليكون مقصود المالية حاصلاً فإنْ لم يذكر الجنس بأنْ يقول: ثوبٌ أو عبدٌ، إمتنع إجماعاً، وإنَّ ذكر الجنس جوَّزه أبو حنيفة إذا عينه بمكانه فقط، فيقول: بعتك ثوبا في مخزني بالبصرة أو بعتك ما في كمي وللمشتري الخيار عند الرؤية.." پاشان دەفەرموێت: " إنَّ الصفة تنفي الجهالة لقوله تعالى {فلما جاءهم ما عرفوا كفروا به فلعنة الله على الكافرين}[٢] فأخبر تعالى أنَّ رسوله محمداً (صلى الله عليه وسلم) كان معروفا عندهم لأجل

١ - بڕوانە: مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج (٢/ ٣٥٧).

٢ - سورة البقرة: ٨٩ .



www.zanayan.org

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان

الإحاطة بصفته في كتبهم، وقياسا على السَّلم، فهذا هو الفرق، فمتى فقد شرط من هذه الشروط فهو مما لا يجوز بيعه على الصفة"[1].

بێگومان مەرجی دووری بۆ ئەو شتومەكانەیە كە زوو خراپ دەبن وەك خواردەمەنی و میوەهات و هاوشێوەكانی، هەروەها ئێستا لەم چەرخەدا بە نیسبەت خواردەمەنیشەوە هیچ كێشەیەك نییە چونكە بە ڕێگای خێراو لە شوێنی تایبەت و پارێزراو بە شەحن و ترانزێتی تایبەت دەگەێنرێتە جێگەی مەبەست.

شایەنی باسە هەندێك لە زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی فەرمویانە فرۆشتنی غائیب دروستە بە بێ باسی جینس و سیفەتیش.شەربینی دەفەرموێت: " وقيل: لا حاجة إلى ذلك، وهو ما يوهمه إطلاق المصنف حتى لو قال: بعتك ما في كفي، أو ميراثي من أبي، صح"[2]، بەڵام ئەم رایە فەتوای لە سەر نییەو مەرجوحەو بۆیە عەمەلی پێ ناكرێت.

دەیەم: ئەگەر كۆمپانیا لە هەمان ئەو نمونەی كە عەرزی كردبوو بۆ كڕیاری هێنا لە كات و شوێنی دیاری كراودا بە هەمان وەسف و شێواز و كوالیتی ئەوا لە بەشی (البيع بالصفة والجنس أو البيع بالجنس) ـە لێژنە وەك لێكۆڵینەوەمان كردووە لە كۆمپانیای (كیونیت) بازرگانیەكانیان لە شێوازی (البيع بالجنس والصفة) یە، لە گەڵ ئەوەیشدا پەشیمانبوونەوە هەیە لە ماوەی یەك هەفتەدا، ئەگەر كاڵاكەیش گەیشت ئەوا لە كاتی نادروستی سیفەت وناجۆری كواڵیتی فرۆشراوەكەدا كڕیار پارەی خۆی وەردەگرێتەوە و كۆمپانیایش زەمانەتی پارەكەی لە ئەستۆ دەگرێت. بە ئیقراری كۆمپانیا كە لە لایەن لێژنەكەمانـەوە تۆمار كراوە.

یازدەهەم: پێمان باش بوو بۆ ئەوەی كالای فرۆشراو هیچ غەرەرو نادیارییەكی تێدا نەبێت، كۆمپانیا وەك چاومان پیی كەوت لە ئۆفیسی سەرەكیدا خۆیدا لە سلێمانی لە ئۆفیسی هەر لقێكی تریشیدا. پێشانگایەكی تایبەتی هەبێت نموونەی كالاكان بە نرخو سیفەتەكانی عەرز بكات و بیخاتە روو، هەر وەك لە سایتەكەیدا دەیكات، ئەوكات مامەڵەكە لە فرۆشتنی نادیـارەوە هەنگاو دەنێت بەرەو فرۆشتنی ئاشكرا، وە كۆمپانیا تەنها ئەركی هێنانی نموونە دەستنیشانكراوەكان دەگرێتە ئەسـتۆ، كـە پێویستە پاشان سیفەت و خەسڵەتەكان بەو شێوە بن كە هەر دوولا لە سەری رێك كەوتوون، وە ئەو سێ مەرجەیش كـە لـە (بيع الصفة)دا لە خالی نۆیەمدا باس كراوە ئەوكات لێرەدا بەو شێوە پێویست نابێت.

دوازدەهەم: كاری بازرگانی ئەلكترۆنی بە ناساندنی بە سیفەت لە سایتی فەرمیی كۆمپانیا پاشان هێنانی لە وڵاتێكی ترەوە یـاخود پیشـاندانی نمونـەی كالـا لـە پێشـانگای لقـەكانی كۆمپانیـا پاشـان كۆمپانیـا بـۆ خـۆی هەسـتێت بـە هێنانی(استيراد )كردنی، بەو شێوەی كە باسمان كرد گرفتی نییە، خۆ ئەگەر كڕیاربە دروستكردنیشی بدات لای كۆمپانیا بە سیفەت بەو كوالێتیەی كە لە سەری رێكدەكەون ئەمەیش فەتوای لە سەر دراوە و لە بابی كڕینی گرێبەستی بە دروستكردنە (عقدالإستصناع ) كە زانایانی مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە و مەزهەبەكانی تریش فەتوایان پێداوە (إستحسانا). ئەگەر چی موخالەفەی قیاسیش بێت، وەك ئیمام (شمس الأئمة السرخسي) لە كتێبی: الأصولیدا دەفەرموێت:" وأما ترك القياس بدلِيل الإِجماع فنحو الاستصناع فيما فيه للنَّاس تعامل فإِن القياس يأبى جوازه، تركنا القياس للإجماع على التَّعامُل به فيما بين

---

١- بروانە: لە كتێبی أنوار البروق في أنواء الفروق (٣/ ٢٤٧ – ٢٥٠).

٢ – بروانە: مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج (٢/ ٣٥٧).



ناونیشان: هەولێر – شەقامی ٦٠ مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان – اربيل – الشارع الستيني – مقابل البرلمان
www.zanayan.org

یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

النّاس"[1]. هەروەها شافیعیەکانیش فەرمویانە ئەم گرێبەستە لە حوکمی عەقدی سەلەمدایە ئەگەرچی بە لەفزی بەیعیش بێت، بە مەرجێك مەرجەکانی سەلەم تیایدا بێتە جێگە، وەك لە سەرچاوە شافیعیەکاندا هاتووە: " وإذا انطبقت عليه شروط عقد السلم من ضبطه بالوصف، وضبط ما يدخل فيه من مواد، ومن تحديد الأجل لتسليمه، وتسليم ثمنه في مجلسالعقد، إلى غير ذلك من شروط، استطعنا أن نحكم بصحته على أنه عقد سلم، وإن جرى بلفظ البيع، لأن العبرة في العقود للمقاصد والمعاني، لا للألفاظ والمباني"[2]. کە بێگومان ئەم جۆرە عەقدانە وەك (سلم) و (استصناع) و (بيع الوافاء - بيع الأمانة) یاخود (الرهن المعاد) وەك شافیعیەکان ناویان بردووە، بۆ پێویستی خەڵکی فەتوای لە سەر دراوە و بە هۆی گۆڕانی عورف و عادەتی بازرگانی خەڵکی کە بەردەوام لە گۆڕاندایە[3].

سێزدەهەم: بۆیە بە پشت بەستن بەم خاڵانەی رابووردەمامەڵە بازرگانیەکانی کۆمپانیای کیونیت پێویستە ئەم مەرجانەی لای خوارەوە تییایدا بێتە دی، ئەگەرنا شەرعی نابن خاڵەکانیش بریتین لە:

١- پێویستە کاڵاکان یان گرێبەست لەسەرکراوەکان پاك وسودبەخش و حەلاڵ بن.

٢- پێویستە کاڵاکان دیار و ئاشکرا بن، بە سیفەتەکانی لە ( بيع الغائب ) یان خودی عەین و جینسی خودی کاڵاکە لە ( بيع المشاهدة ) دا. بۆ ئەوەی هیچ غەرەرو جەهالەت و نادیاری نا بەرچاو رۆشنییەکی تیادا نەبێت بۆ کڕیار.

٣-پێویستە هەر دوولا کە بریتین لە ( وكيل و موكّل ) و(بریکار و کۆمپانیا ) بۆیان هەبێت گرێبەستەکە هەڵبوەشێننەوە، واتە: پەشیمانبونەوەکانی(مەرج)و(مەجلیس)و(بینین)و(عەیب و نوقستانی)یان بۆ هەبێت، چونکە ئەم جۆرە گرێبەستانە لە فیقهی ئیسلامیدا ئیختیارین نەك ئیلزامی. ئەگەر لە ماوەی دیاری کراودا پەشیمان نەبونەوە هەروەها سیفەتەکان بە تەواوی هاتبووە جێبەجێ، وە کاڵاکە بێ عەیب بوو کە گەیشتە بەرەوە و بینی، ئیتر عەقدەکە دادەمەزێت و پەشیمانبوونەوە نامێنێت وەك هەر بەیعێکی دامەزراوی تر، وە پێویستیشە موسڵمانان رێز لە مەرجە شەرعییەکانی خۆیان بگرن، وەك لە فەرمودەی صەحیحدا هاتووە:«الصلح جائز بين المسلمين، إلا صلحا حرم حلالاً، أو أحل حراماً، والمسلمون على شروطهم، إلا شرطاً حرَّم حلالاً، أو أحلَّ حراماً»[4].

٤- پێویستە ئەو برە پارەی وەکیلی کۆمپانیا لە کوردستان لە کۆمپانیای سەرەکی وەریدەگرێت - بەرانبەر ماندوبون و سەمسەرەکردنی - لەسەر حیسابی کڕیار نەبێت - بەڵکو وەك هاندانێك بێت بۆ وەکیلەکان، کە خودی کۆمپانیا بیگرێتە ئەستۆ. هاندانیش لە شەرعدا دروستەو لە بابی (سەمسەرەو دەڵاڵی)یە، کە بە کەسێك دەگوترێت کە هەستێ بە کڕین و

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فەتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

[1] - بروانە: أصول السرخسي (٢/ ٢٠٣).

٢ - بروانە: الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي (٦/٥٩-٦٠).

٣ - بنوارە: الأشباه والنظائر لابن نجيم (ص: ٧٩)، وغمز عيون البصائر في شرح الأشباه والنظائر للشهاب الحموي الحنفي(١/ ٢٩٤) و مقاصد الشريعة الإسلامية للشيخ محمد طاهر بن عاشور (٢/ ٤٦٧).

٤ - رواه الترمذي في سننه ت شاكر (٣/ ٦٢٦)برقم(١٣٥٢) عن عبد الله بن عمرو بن عوف المزني، عن أبيه، عن جده(رضي الله عنهم)، وقال هذا حديث حسن صحيح".



ناونیشان: هەولێر- شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

فرۆشتن بۆ کەسێکی تر بەرانبەر سود و مەنفەعەتێك[١]،یاخود هەستێ بە رۆڵی نێوانگیر لە نێوان کڕیارو فرۆشیاردا بە رانبەر بڕێك پارە[٢].

وەك بۆمان روونبوویەوە وەکیلی کۆمپانیایش بەم چەشنە هەڵدەستێت، بەرانبەر ئەم کارەیش کۆمپانیا هەفتانە قازانجێکی دەداتێ، ئەگەر چی دروستە بۆ کڕین یان فرۆشتن دەڵاڵی وەربگیرێت، بەڵام لە عورفی بازرگاناندا بە گشتی ئێستا وایە کە خاوەن کارو کارگەو کۆمپانیاو سەرمایەدار هەڵدەستێت بە پێدانی ئەو بڕە پارە، چونکە کارەکە زیاتر بۆ ئەو بە ئەنجام دەگەیێنرێت، لە یاساکانی فیقهی ئیسلامیشدا عورفی بازرگانان وەك مەرجی شەرعی کاری پێ دەکرێت، وەك هاتووە: "المعروف بين التجار كالمشروط بينهم"، هەروەها(المعروفُ عُرْفًا كالمشرُوط شَرعًا)[٣].

٥ـ ئەگەر کاڵاکان لە زێڕ و زیو بوون ، بەمەبەستی روونەدانی سوو ( ربا ) پێویستە لەئۆفیسی کۆمپانیا بوونی هەبێت و لەکاتی مامەڵەکە دەستاو دەست بکرێن. ئەگەر نا دروست نییە.بەڵام کۆمپانیا لە دوا دانیشتنمان لە گەڵیان جەختیان کردەوە کە ماڵەناکەن بە هیچ شێوەیەك بە زێڕوزیو ئەگەر کردیشیان پابەندن بە مەرجە شەرعیەکانەوە وەك باسمان کرد.

٦ ـ مافی پەشیمان بوونەوە شەرعیەکان وەك: (الشرط، المجلس، العيب، الرؤية ) بۆ هەر دوولا هەیە، بە پێی شێوازی رێکەتن و باسکردنی جۆری پەشیمانبوونەوە، وە ئەگەر یەکێك لەم خیارانە لەمامەڵەکە نەبوو ئەوکات مامەڵەکە سیفەتی ئیلزام وەردەگرێت، ئیدی هیچ پەشیمانبونەوەیەك دروست نیە.

٧ـ بۆ ئەوەی هیچ گومانێك نەمێنێت بەرامبەر بوون و وجودی فیعلی کۆمپانیا، وەك زۆرێك لە کۆمپانیا وەهمیەکان، پێویستە کۆمپانیا یان وەکیلەکەی لە کوردستان ئۆفیسی تایبەت و ئاشکرای هەبێت و مۆڵەتی فەرمیان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت. وەك لە روونکردنەوەی خۆیشیاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە. شایەنی باسە شاندی لیژنەیش بوونی فیعلی و فەرمی کۆمپانیای بۆ روونبوویەوە.

٨ـ پێویستە کۆمپانیا یا خود وەکیلەکەی لەهەر لقێکیدا زەمانەتی گەیاندنی کاڵا فرۆشراوەکان لە ئەستۆ بگرێت بەو سیفەت وکوالیت و خەسڵەتانەی کە لەسەری رێککەوتوون.

٩: بەباشی دەزانین نرخی کاڵاکان بە بەراورد لەگەڵ هاوشێوەکانی لەبازاڕدا گونجاو بێت. چونکە چەندێك نرخەکان موناسیب بێت ئەوەندە بۆ هەردوولا باشترە، هەرچەندە لە شەریعەتی ئیسلامدا نرخ دیاری نەکراوە، بەڵام هانی بازرگانەکانی داوە کە هەردەم دادپەروەربن ومافی کڕیاران نەخۆن.

١٠ـ پێویستە ئەم جۆرە مامەڵانەو هاوشێوەکانی لە تەك مێردمنداڵ و تەمەنی کەمتر لە روشدو باڵغ بوون یان تەمەنی یاسایی کە ١٨ ساڵە بە هیچ پاساوێك ئەنجام نەدرێت.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

١ - بنوارە: مشارق الأنوار على صحاح الآثار للقاضي عياض المالكي (٢/ ٢٢١).

٢ - بنوارە: القاموس المحيط (ص: ٤١٠).

٣ - الأشباه والنظائر لابن نجيم (ص: ٨٤) وشرح القواعد الفقهية للشيخ أحمد الزرقا(ص: ٢٣٩). والقواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة للشيخ الزحيلي: (١/ ٣٤٩).



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

١١ـ ئەو عومولەیەی کە کۆمپانیا دەیدات بە مەندوبەکانی لە بەرانبەر جوهد و کار و ماندبوونیانە، وە خودی کۆمپانیا تەحەمولی دەکات.

١٢ـ لە ماوەی دیارکراودا ـ کە یەك هەفتەیە ـ لە پاش گرێبەستەکەو گەیشتنی کاڵاکە ئەگەر کاڵاکە نادروست یان ناجۆر بوو ئەوا کڕیار یان واریسی کڕیار ـ لە کاتی مردن یان حەبسکردنی کڕیار ـ مافی پەشیمانبوونەوەیان هەیەو، پێویستیشە لە سەر کۆمپانیا پارەکە بگێڕێتەوە. هەروەها ئەو مافەی کە مەندوبەکە هەیەتی بە پێی گرێبەستەکە دەگوازرێتەوە بۆ واریسی شەرعی.

١٣ـ بۆ مەندووبەکە هەیە هەرکاتێك ویستی واز لە گرێبەستەکە بهێنێت چونکە ئەو گرێبەستانە عەقدێکی جائیزە مەك لازم، گرێبەستە دروستەکانیش لە شەریعەتدا وازهێنانی تیادا دروستە.

١٤ـ ئەو عومولاتە هەفتانە دەدرێت بە مەندوبەکان لە رێگای: فیزاکارت، یان پارەکە دەخرێتە سەر حیسابێکی بانکی متمانەدار، یاخود بە نەختی بە مەندوبەکان دەدرێت. پێویستە جێبەجێ بکرێت.

١٥ـ نابێت فرۆشتنی کاڵاکان بە قەرز بێت، بەڵکو پێویستە بە نەخت بێت بۆ ئەوەی دووربێت لە سوو .

١٦ـ ئەو یەك دۆلارەی کە وەردەگیرێت لە مامەڵەکاران بۆ کاری خێرو چاکە پێویستە بە خواهیشتی خودی کڕیارەکان بێت و دروست نییە بە مەرج و سەپاندن لێیان وەربگیرێت.

١٧ـ زانایانی پێشینە پێیان وابووە کە مامەڵە پێویستە لە یەك زەمان و یەك مەکاندا ئەنجام بدرێت(اتحاد الزمان والمکان)، چونکە تەسەووریان نەکردووە کە بە هۆی پێشکەوتنی زانست لە رێگەی ئینتەرنێت و تەلەفوون و ..هتد مامەڵە بە ئەنجام بگەیێندرێت، بەڵام ئێستا گرێبەستە ئەلەکترۆنیەکان بوونیان هەیەو لە جیهانی ئیسلامیشدا بە جائیز ناسراون، بەڵام لایەنی کەم پێویستە یەك زەمانی (اتحاد الزمان) لە خودی ئەو مامەڵانەدا بێتە جێگە، خۆ ئەگەر گرێبەستەکان لە نوسینگەی کۆمپانیا لە نێوان هەردوو تەرەفدا بێتە ئەنجام دان ئەوا باشترە.

لە کۆتاییدا:

یەکەم: کۆمپانیا(کیونیت Q net)لە کوردستان بەڵێنیان داوە هەموو ئەم مەرج و دارِشتە شەرعییانە لەئەستۆی خۆی گرتووە و بەو پێیەش لیژنەکەمان بەرچاو روونەو فەتوای مەرجدار بە دروستی مامەڵەکانی دەدات، وەداوا لە کڕیارەکان دەکات بەم بەرچاو روونیەوە مامەڵەکانیان ئەنجام بدەن لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراودا. وە فەتوای دروستی مەرجداری لیژنەکەمان لە سەر بنەمای ئەو روونکردنەوانەی کۆمپانیاو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە هەولێرو سلێمانی بە پایان گەیشتووە.

دووەم: پێویستە لە سەر کۆمپانیا کە پابەند بێت بە تەواوی ئەو مەرج و دارِشتانە کە لیژنەکەمان یاداشتی کردوون لەم فەتوایەدا و بۆ خۆیشیان لە نوسراوی فەرمییاندا ئیقراریان کردووە، چونکە لە سەر ئەو دوو ئەساسە فەتوای دروستیی کاری بازرگانی کۆمپانیای کوینیت دراوە.

سێیەم: ئەم فەتوایە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان چونکە تەنها لە هەرێمی کوردستان دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە دەتوانێت پابەند بێت بەو مەرج و دارشتە شەرعییانە.

چوارەم: ئەم فەتوایە دوا دیدی لیژنەی باڵای فەتوایە لە کوردستان.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقـابل البرلمان

www.zanayan.org

پێنجەم: هەرکات کۆمپانیا (کیونیت Q net) پابەند نەبوو بە ناوەڕۆکی مەرجەکانی ئەم فەتوایە ئەوا لێژنەکەمان حوکمی مامەڵە پێکردنیان دەگۆڕێت.

شەشەم: مەلەفێکی تایبەت کە لە چەند دۆکیۆمێنتی یاسایی پێك هاتووە لە ئەرشیفی لێژنەی باڵای فەتوادا پارێزراوە سەبارەت بە راستی خاڵەکانی روونکردنەوەی کۆمپانیاکە.

وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین

لێژنەی باڵای فەتوا

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

هەولێر: ٢٩/ ذي الحجة/ ١٤٣٨هـ - ٢٠/٩/ ٢٠١٧ م



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان

العنوان : إقلیم کوردستان - اربیل - الشارع الستینی - مقابل البرلمان

www.zanayan.org